# کورد لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا

## ڕێککەوتنی سوید، فینلاند و تورکیا

## بە نموونە

بورهان أ. یاسین

٤-٨-٢٠٢٢

www.burhanyassin.com

## ناواخن

پێشەکی ------------------------------------------------------------ ٣-٥
چوارچێوەی گشتی: پێشینە و هەندێک خاڵی لێوەدەرچوون ----------------- ٦-١٠
یاداشتنامەی سیقۆڵی سوید، فینلاند، تورکیا -------------------------------- ١١-١٥
گفتوگۆی زیاتر و دەرەنجام ---------------------------------------------- ١٥-١٩

www.burhanyassin.com

## پێشەکی

ئەگەرچی، هەر وەک لە ناونیشانی ئەم باسەدا روونە، لەو رووداوەی کە بابەتی ئەم وتارە سێ دەوڵەت هەن، بەڵام لەبەر زۆر هۆکار فۆکەسی وتارەکە زیاتر لەسەر سوید و تورکیایە. هەڵبەتە لە جێگای پێویست فینلاندیش ئامادەیی هەیە.

داوای ئەندامبوونی سوید لە "رێکخراوی رێککەوتنی باکوری ئەتلەنتیک" (ناسراو بە "هاوپەیمانی" NATO)، لە رووی ئاراستەی ستراتیژی، جیهانبینی لە پرسی ئاسایشی نەتەوەیی[1] و شێوازی نزیکبوونەوە و تێگەیشتن لە جیۆپۆلیتیک، رووداوی هەرە گرنگ و گەورەیە بۆ سوید وەک دەوڵەت، نەک هەر لە سەدەی بیست و یەکەمدا، بەڵکو تەنانەت لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە تا ئێستا. ئەمە گۆڕانکاریەکی زۆر گەورە بوو، بە شێوەیەک ئیتر لە کاتی تەواوبوونی پرۆسەی بە ئەندامبوون سویددا[2]، دواجار ئەم وڵاتە نەریتێکی نیشتمانی بەجێ دەهێڵێ و لەگۆڕەدنێ کە تەمەنی زیاتر لە ٢٠٠ ساڵە و بەمەش پێدەنێتە نەریتێکی تەواو جیاوازەوە لە رووی بژاردە ستریاتیژییەکان و ئاسایشی نەتەوەییەوە.

سوید لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە نەبووەتە بەشێک لە هیچ جەنگێک لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی وە هیچ شەڕێکی ناوخۆشی بەخۆوە نەبینیوە، هەر وەک چۆن نەبۆتە ئەندام لە هیچ هاوپەیمانییەکی سەربازی. سوید، لەم ماوە دوور و درێژەدا، دوو جار لە پێکدادانی سەربازیی یا لە بەرکەوتنی پریشکی جەنگ نزیک بووەتەوە، یەکەمیان لە کاتی جیابوونەوەی نەرویج لە سوید لە ساڵی ١٩٠٥، کە دواجار بە هەر حاڵ ئەم جیابوونەوەیە بە دایەلۆگ و ئاشتیانە کۆتایی هات، وە جاری دووەمیان لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا کە تیایدا سوید دووچاری جوت-فشار (واتە فشار لە هەردوو بەرەی جەنگەکەوە) بوویەوە، بەڵام بە تایبەتی فشاری ئەڵمانیای، بە مەبەستی بوونی سوید بە  بەشێک لە جەنگ. بە هەر حاڵ، سوید دواجار نەبووە لایەنگیری هیچکام لە دوو بەرەی جەنگەکە، ئەگەرچی نیشانەی پرسیاریش لەسەر ئەو "لەیەکگەیشتنە" هەیە کە لە نیوان سوید و ئەڵمانیای نازی لە هاوینی ١٩٤٠ هاتە کایەوە!  بۆ نموونە سوید رێگای بە ئەڵمانیای نازی دا بۆ ئەوەی هێڵی ئاسنیی ئەو وڵاتە بۆ گواستنەوەی سەربازەکانی بۆ نەرویج، کە پێشتر ئەڵمانیا (لە ئەپریلی ١٩٤٠) داگیری کردبوو[3].

---

[1] دوو وشەی نەتەوەیی و نیشتمانی، لە رووی زمانەوانییەوە، وەکو دوو هاوتای یەکتر بەکار دێن، بەبێ ئەوەی کێشەیەک دروست بکات. دواجار لە نەریتی ئەنگلۆسەکسۆنیدا وشەی (نەتەوە - nation)، جگە لە نەتەوە، بۆ دەوڵەتیش بەکاردەبرێ؛ کەواتە وەک چۆن دەتوانین بڵێین ئاسایشی نیشتمانی ئەوهاش دەتوانین بڵێین ئاسایشی نەتەوەیی، هەروەک چۆن دەتوانین بڵێین پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان یا پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. . . هتد.

[2] لە کاتی نووسینی دوا رستە و وشەکانی ئەم باسە، میدیاکان بڵاویان کردەوە کە دوێنێ شەو (واتە شەوی ٣ بەسەر ٤ی ئۆگۆستی ٢٠٢٢ بە کاتی سوید) ئەنجومەنی پیرانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە زۆرینەیەکی بەهێز (دوو لەسەر سێی ئەندامان) دەنگی لە بەرژەوەندی بوونی سوید بە ئەندام لە ناتۆدا دا. بەمەش، تا ئێستا ٢٣ وڵاتی  ئەندام لە ناتۆ، لە کۆی ٣٠ ئەندام، ئەندامبوونی سویدیان لە ناتۆدا پەسەند کردووە.

[3] https://www.levandehistoria.se/node/5652 دەستگەیشتن ٢٠٢٢/٧/٢٣

مەبەست لە ئەوەی لە سەرەوە گوترا تەنها پێشەکییەکی گشتییە، نەک قوڵبوونەوە لەو رووداو و دیاردانەی ئاماژەیان پێکراوە، بە تایبەتی "نهێنی" ئەوەی ئایا چۆن وڵاتێکی بچووکی[4] وەک سوید توانیویەتی لەو هەموو ماوە دور و درێژەدا خۆی لە جەنگ بپارێزێ؟ وە ئایا بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پەنا ببەینە بەر "کەلتوری سیاسی" باو و باڵادەست لە سوید، یا توانستی هەموو هێزە سیاسییەکانی ئەم وڵاتە بۆ یەک هەڵوێستیی لە مەسەلە نیشتمانییەکاندا، بە تایبەتی لە کاتە هەستیارە مێژووییەکاندا، سەرەڕای جیاوازی نێوانیان لە رووی ئایدیۆلۆجی و سیاسیی و. . . هتد؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش لێکۆڵینەوەی تایبەتی پێویستە، کە ئەمەش مەبەستی ئەم باسەی بەردەست نییە.

ئەم باسە هەوڵ دەدات لە ناو سێگۆشەی کار و کاردانەوەی ناتۆ، سوید–فینلاند و تورکیادا رەهەندە کوردی و کوردستانییەکە ببینێ و تێگەیشتنی بۆ بکات. کە دەشڵێین کورد مەبەستمان تەنها کوردی دایاسپۆرا نییە، بەڵکو زۆر لەوە زیاتر. داواکرییەکانی تورکیا، وە لە رێگای ئەم داواکارییانەشەوە رێگری ئەم وڵاتە، لە سوید و فینلەند دۆزی کورد دەخاتە ناو چەقی شارێگای ئەو دوو وڵاتە بۆ بوون بە ئەندام لەو رێکخراوەدا. بە هەمان مانا کێشەی کورد دەبێ بە "گرێ کوێرە" سەرەکییەکەی پرۆسەی ئەو ئەندامبوونە. دەکرێ تورکیا بەم هەڵوێستەی هەر نەبێت بەشێکی لە کوردەکانی سوید و فینلاندی نیگەران کردبێ و بووبێتە هۆی دڵەڕاوکێ لە ناویاندا، بەڵام دەکرێ دوور مەودا هەر تورکیا بەم کارەی خزمەتی بە دۆزی کورد کردبێ، چونکە بە دەست و بڕیاری خۆی ئەم مەسەلەیەی خستە سەر ئەجێندای ناتۆ، وەک رێکخراو و وڵاتانی ئەندام لەو رێکخراوەدا، زۆر بە تایبەتیش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. هەروەها تورکیا بەم کارەی کێشەی کوردی جارێکی دیکە پاڵدایە ناو چەقی باس و خواسەکان لە پانتایی رەسمی و نارەسمی بەشێکی گرنگ و گەوهەری جیهان، بە تایبەتی ئامرازە میدیاییەکان؛ ئەمەش موفارەقە (پارادۆکس)ە هەرە گەورەکەیە!

بە باشی دەزانم کە لەم باسەدا لە بری وشەی رێککەوتن، چەمکی "یاداشتنامەی لێکگەشتن" (memorandum of Understanding - MoU) بۆ ئەو بەڵگەنامەیە بەکار ببەم کە لە مەدرید لە نێوان وەزیرانی دەرەوەی فینلاند، سوید، تورکیا، وە بە ئامادەبوونی سکرتێری گشتی ناتۆ، مۆرکرا[5].

---

[4] لە بارەی هەڵسوکەوت و ستراتیژی مانەوە و خۆپارێزی دەوڵەتە بچووکەکان، بە تایبەتی لە کاتی جەنگ و پرسە پەیوەندیدارەکان بە ئاسایشی نەتەوەییەوە، لێکۆڵینەوەی زۆر کراوە. دوو کتێبی باش، کە بە تایبەتی شایەنی ئاماژە پێدانن، ئەمانەن:

Mattias Mass, *Small States in World Politics: The Story of Small State Survival, 1648-2016* (Lexington Books, 2017); Neal G Jesse, & John R Dreyer, *Small States in the International System: At Peace and War,* (Lexington Books, 2016).

[5] ئەگەر چی بە کوردی، لە زۆربەی نووسراو و کۆمێنتە گشتییەکاندا، وشەی "رێککەوتن" بۆ ئەو بەڵگەنامەیەی کە لە مەدرید لە نێوان سوید، فینلاند، تورکیادا مۆرکرا بەکار براوە، بەڵام دروستەکەی ئەوەیە ناوی دروست و رەسمی ئەم بەڵگەنامەیە ("یاداشتنامەی لێکگەیشتن")ە نەک رێککەوتن واتە ئەوەی بە ئینگلیزی بە ( memorandum of Understanding - MoU) ناسراوە. بەهەر حاڵ جێگای سەرنجە کە لە وەرگێڕانە رەسمیەکەی ئەو بەڵگەنامەیە، بە تایبەتی لەسەر پێگەی ئەلکترۆنی وەزارەتی دەرەوەی سوید وشەی (överenskommelse)، واتە رێککەوتن، بەکاربراوە. لە لایەکی ترەوە باس لەوە کراوە کە چەمکی "یاداشتنامەی لێکگەیشتن" زیاتر ئەو کاتانە بەکار دەبرێ کە: ١) لایەنە پەیوەندیدارەکانی لێکگەیشتنەکە

www.burhanyassin.com

وەک بەشێک لە میتودی نزیکبوونەوە لەم بابەتە، پێویستە ئاماژە بە لایەنێکی گرنگی ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان بکەین، بە تایبەتی مەسەلەی میتود و تەکنیکی داڕشتنی ئەو ڕێککەوتنانە. ئەوانەی ئەو ڕێککەوتنانە دادەڕێژن بەردەوام خۆیان لە دوانەییەکی پڕ لە دژایەتیدا دەبیننەوە: لە لایەکەوە خواستێک هەیە بۆ ئەوەی دەقی ڕێکەوتنەکان تا بکرێت ڕوون و بێ پێچ و پەنا بێت، بۆ ئەوەی دواجار ئەو لایەنانەی ڕێککەوتنەکە مۆر دەکەن نەکەونە ململانێ و "شەڕی تەفسیر و دژەتەفسیر؛ بەڵام لە لایەکی ترەوە خواستێکی دیکە هەیە کە بە ئاگادارییەوە لە دەقی ڕێککەوتنەکەدا، لێرە و لەوێ، ناڕوونی وشە و دەربڕینی تەماوی هەبن، چونکە هەر ئەو ناڕوونییە کە پەراوێز دەدات بە لایەنە بەشدارەکان کە ڕێککەوتنەکە مۆر بکەن بۆ ئەوەی دواتر لە کاتی جێبەجێکردنیدا هەر لایەنێکیان بە پێی خواستی خۆی تەفسیری بۆ بکات و وەک ئەو لایەنە دەیەوێ جێبەجێی بکات[6]. هەڵبەتە بۆ مەبەستی ئەم باسەی بەردەست پێویستە لێرەدا بڵێین کە یاداشتانەمەی لێکگەیشتنی سێقۆڵی بەدەر نییە لەم حاڵەتی بوونی وشە و دەربڕینی تەماوی و ناڕوون و "لاستیکی". هەر زوو دەبێ بڵێین کە سوید و فینلاند لە لایەک وە تورکیا لە لایەکی دیکەوە زۆر لەیەکتر دورن لە ڕووی تێگەیشتن و تەفسیرکردنی بەند و وردەکراییەکانی یاداشتنامەکە، پێناسەی دیاردەکان، ڕۆڵی دەسەڵاتی جێبەجێکار ڕوو لە دەسەڵاتی دادوەری و . . .هتد. هەر بۆ نموونە لە ڕۆژی ٢٠٢٢/٧/٢٢ لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید ژمارەیەک کورد خۆپیشاندانیان دژی لەشکرکێشی و دەستدرێژییەکانی تورکیا کرد. ئەم چالاکییە لە چوارچێوەی یاسا و ڕێساکانی خۆپیشاندنا و چالاکییە مەدەنییەکان لە سوید کراون، بەڵام لەولاوە وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، وەک ناڕازیبوون بەرامبەر ئەم خۆپیشاندانە، نوێنەری سویدی لە ئەنکەرە بانگهێشت کردووە[7].

کاردانەوە کوردی و سویدییەکان ئەوەندە زۆرن ئیتر بە هیچ شێوەیەک لەم باسەدا بواری ئەوە نییە ڕووپێویێک بە ناو ئەو نووسینانەدا بکەین. بە هەر حاڵ بەشێکی زۆر لە کاردانەوە کوردییەکان، بە شێوازی نووسین یا ئاخاوتن ڕێکەوتنە سێقۆڵییەکەی نێوان سوید، فینلاند و تورکیا وا وێنا دەکەن وەک ئەوەی کاریسەیەکی دیکە بێت بۆ کورد لە جۆری نسکۆی ١٩٧٥[8]، یا "خیانەتێک" بێت لە کورد کرابێت یا "جارێکی دیکە کورد فرۆشرابێ" و . . . هتد.

---

هەنگاوێک دور لە "پابەندبوونی یاسایی" بوەستن؛ یا، ٢) لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەو لایەنانەی یاداشتنامەکە مۆر دەکەن نەتوانن لەجێدا ڕێککەوتنێک مۆر بکەن کە لە ڕووی یاساییەوە قابیلی "سەپاندن" بێت. بڕوانە، بۆ نموونە: https://www.investopedia.com/terms/m/mou.asp دەستگەیشتن ٢٠٢٢/٧/٢.

[6] بۆ بۆچوونێکی لەم شێوەیە بڕوانە: https://lawlog.blog.wzb.eu/2017/02/28/the-neglected-potentials-of-vagueness-and-ambiguity-in-international-law/ دەستگەیشتن ٢٠٢٢/٧/١٧

[7] https://www.xendan.org/detailnews.aspx?jimare=153838&babet=3&relat=1024 دەستگەیشتن ٢٠٢٢/٧/٢٣

[8] بڕوانە، بۆ نموونە: "ئایا ڕێکەوتنی سوید وفیلاند لەگەل تورکیا دەبێتە ڕێکەوتنێکی نوێی جەزائیر بۆ کورد؟"، لە پێگەی *ستاندارد*، ٢٠٢٢/٧/٢. http://skurd.net/2022/07/02/ئایا-ڕێکەوتنی-سوید-وفیلاند-لەگەل-تورك/ دەستگەیشتن ٢٠٢٢/٧/١٥.

# چوارچێوەی گشتی: پێشینە و هەندێک خاڵی لێوەدەرچوون

لەم بەشەی باسدا پێویستە، بەر لەوەی بە وردی قسە لەسەر یاداشتی لێکگەیشتنە سێقۆڵیەکەی مەدرید بکەین، پەنجە بخەینە سەر هەندێک خاڵ کە باشتر یارمەتیمان دەدەن لە تێگەیشتنی هەنگاوی سوید و فینلاند بۆ بوون بە ئەندام لە ناتۆدا، کاردانەوەی تورکیا بەرامبەر ئەم هەنگاوە و کوردیش لە هاوکێشەکەدا:

١) هەنگاوی سوید بۆ بوون بە ئەندام لە ناتۆدا نەک هەر ئاسان نەبوو، بەڵکو بۆ ئەو وڵاتە قوربانیدانێکی پڕ لە ئێش و کۆست بوو. بە درێژایی جەنگی سارد، بوونی رادەیەک لە **ترس**[9] لە بوونی یەکێتی سۆڤیەت لە هەمان مەسافەی کە ئێستا روسیا لەگەڵ سوید هەیەتی وە لەگەڵ ئەوەشی بەشی سەرەکی لە هێزە راستڕەوەکانی سوید خواستی بوون بە ئەندامیان لە ناتۆدا هەبوو، بەڵام هەرگیز سوید هیچ هەنگاوێکی کرداریی نەهاوێشت بە ئاراستەی بوون بە ئەندام لەو رێکخراوەدا[10].

سۆشیال دیموکراتەکانی سوید ئەو هێزە سیاسییەن کە لە ماوەی زیاتر لە سەد ساڵی رابردوودا زۆربەی جار دەسەڵاتی وڵاتیان بەدەستەوە بووە، جا یا بە تەنیا خۆیان بە زۆرینەی پەرلەمانی، یا بە هاوپەیمانی لەگەڵ هێزگەلێکی تر، حکومەتیان پێکهێناوە. هەر سۆشیال دیموکراتەکانیش لەو ماوە دوور و درێژەی کە تیایدا جەنگی سارد وەک چوارچێوە باڵی کێشابوو بەسەر سیستمی جیهانیدا، وە لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگەکەش تا هێرشی سەربازی روسیا بۆ سەر ئۆکراینا[11] لە ٢٤ فێبروەری ئەمساڵدا، سۆشیال دیموکراتەکانی سوید ئەو حزبە سەرەکییە بوون کە بە بڕیارەوە دژی ئەوە وەستانەوە کە سوید ببێ بە ئەندام لە ناتۆدا. نەک هەر ئەوە، بەڵکو سوید لە ساڵانی جەنگی ساردا کۆمەڵێک دەستپێشخەری و بیرۆکەی خستە ناو بواری پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکانەوە، کە مەبەست لێیان پێداگری بوو لە پاراستنی ئەو مەودا زۆرەی کە سوید لەگەڵ سیاسەتی رەسمی ئەمریکادا بە هۆی جەنگی ساردەوە هەیبوو. لەوەش زیاتر سیاسەتی دەرەوەی سوید بەرامبەر زۆرێک لە ململانێ نێو دەوڵەتییەکان نەک هەر یەکانگیر نەبوو لەگەڵ سیاسەتی رەسمی ناتۆ، زۆر بە تایبەتی ئەمریکا، بەڵکو کەوتبووە دژایەتیش لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکادا. لەو رووداوانەی کە، لە بابەتی جەنگی ڤیەتنامدا، ئەمریکای زۆر بێزارکرد بەشداری ئۆلوف پالمێ (وەزیرێکی ئەو کاتەی حکومەتی سۆشیال دیموکراتەکان) بوو لە

---

[9] لە بارەی بابەتی **ترسی** سوید لە یەکێتی سۆڤیەت لە ماوەی نیوەی دوهەمی سەدەی بیستەمدا وەک بابەت و بزوێنەرێکی هەرە گرنگ لەو پەیوەندیانەدا دەکرێ کتابێکی مێژوونووسی سویدی و دۆستێکی گەورەی کورد، پرۆفیسۆر سڤێرکەر ئوریدسۆن زۆر بە سوود بێت:

Sverker Oredsson, *Svensk oro: Offentlig fruktan i Sverige under 1900-talets senare hälft,* (Nordic Academic Press, 2015).

[10] لە راستیدا وشەی رێکخراو (organization) دروستترە لە وشەی "هاوپەیمانی" کاتێک باسی ناتۆ دەکەین. ناتۆ کورتکراوەی ناوەکەیە و لە چوار وشە پێکهاتووە، کە لە راستیدا وشەی "هاوپەیمانی" (alliance) ناگرێتە خۆی بەڵکو لە بری ئەوە وشەی **رێکخراو** بەکار براوە.



[11] ئۆکراین یاخود ئۆکراینا نەوەک ئۆکرانیا، ئەگەرچی ئەو ناوەی دوایی تا ئێستا لە زمانی کوردیدا، بە هۆیەک یا بە هۆیەکی دیکە، باو بووە.

خۆپیشاندانێکی بەرەی ئازادیخوازانی ڤیەتنامی خوارو ("Viet Cong") لە ستۆکهۆڵم لە ساڵی ١٩٦٨ شانبەشانی نگوین تو چیان (سەفیری ڤیتانامی باکور لە مۆسکۆ) کە بۆ سەرپەرشتیکردنی خۆپیشاندانەکە هاتبوویە ستۆکهۆڵم. لەوەش ئەولاتر، ئۆلۆف پاڵمێ لە کریسمەسی ١٩٧٢دا، ئەم جارەیان وەک سەرۆک وەزیرانی سوید، لە رادیۆی سویدیدا وتارێکی زۆر کورت، بەڵام زۆر پڕ مانای، پێشکەشکرد کە تیایدا بۆمبابارانکردنی هانۆی لە لایەن ئەمریکاوە، بە زۆرێک لە رووداوە خوێناوی و کۆمەڵکوژییەکانی پێشتر چواند، کە لە هەموویان سەرنجراکێشتر بەراوردکردن بوو لە نێوان هانۆی و ترێبلینکا (کەمپێکی نازییەکان لە پرۆسەی هۆلۆکۆستدا)[12].

بە هەر حاڵ، شتێک کە بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە پێشمەرجەککانی ئاسایشی نەتوەیی و جیۆپۆلیتیکی سویدی لە ریشەوە گۆڕی هێرشی روسیا بوو بۆ سەر ئۆکراینا، هەر بەو هۆکارەش گۆڕینی هەڵوێستێکی پرەنسیپییانە و نەگۆڕی سۆشیال دیمۆکراتەکانی سوید؛

٢) ئەندامەتی فینلاند و سوید لە ناتۆدا شتێکی فرەڕەهەندە، بەڵام بۆ ئەم وتارەی بەردەست بە تایبەتی جەخت لەسەر دوو رەهەندیان دەکەینەوە: لە دیدی ئەم دوو وڵاتەوە ناتۆ دەتوانێ ببێتە زامنێکی باش بۆ ئاسایشی نیشتمانییان، وە بە تایبەتی رەواندنەوەی مەترسییان لە دەستدرێژی و هێرشی گریمانەیی لە لایەن روسیاوە بۆ سەریان. لە لایەکی ترەوە، لە دیدی ئەمریکاوە شتەکە زۆر جیاوازە. بۆ ئەمریکا ئەم پێشوەچوونە، بە گشتیش چالاککردنەوەی ناتۆ بە پەیوەندی لەگەڵ جەنگی ئۆکراینا و روسیا، زیاتر بەشێکە لە ستراتیژێکی دوورمەودا بۆ ئەوەی ئەم وڵاتە (واتە ئەمریکا) **جارێکی دیکە جڵەوی سەرکردایەتیکردنی ئەورووپای رۆژئاوا بە توندی بگرێتەوە دەست،** بۆ ئەوەی نەک هەر لە نزیک مەودادا بەرەورووی روسیا ببێتەوە، بەڵکو گرنگتر لەوە: بە ئەگەری زۆر ئەوەی ئێستا روودەدات قۆناغی ئامادەکاریی بێت بۆ روبەروبوونەوە گەورە و دوورمەودا و گریمانەکراوەکە، **واتە روبەڕوبوونەوە لەگەڵ چین!** بە ئەگەری زۆر ئەم روبەروبوونەوە گریمانەییە سەختتر و ئاڵۆزتر دەبێت، بە تایبەتی مەترسی ئەوەی تا ئەو کاتە روسیا و چین هاوپەیمانیەکی سەربازییان دروست کردبێ[13]. بەم واتایەش ئەرک و بەرپرسی داهاتوی ناتۆ

---

[12] بۆ گوتارەکە و کاردانەوەی ئەمریکییەکان، بە تایبەتی هێنری کیسینجەر (راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەی)، لەسەر گوتارەکە بڕوانە: https://www.youtube.com/watch?v=3S76KwPP8n4 دەستگەیشتن ٢٠٢٢/٦/٣٠.

[13] بە دیدی خۆم هاوپەیمانی سەربازی لە نێوان چین و روسیا ئاسان نابێت، بەڵام ناڵێم نامومکینە: لە شێوازی هەڵسوکەوتی ئەم دوو وڵاتە جیاوازییەکی زۆر بەدیدەکرێ لەمەڕ ئامراز و مێتودە پەیڕەوکراوەکان لە بواری پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکاندا، بە تایبەتی لە بابەتی خۆنواندن و بەدەستهێنانی پێگەی شایستە و هێژەمۆنی لە سیستمی جیهانیدا: لە کاتێکدا دەمێکە روسیا لە قۆقاز، لە دەریای رەش و ئێستاش لە ئۆکراینا ئەوەی یەکلاکردۆتەوە کە ئەو وڵاتە لە بەکاربردنی ئامرازە "**رەقەکان**" لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا یا "سیاسەتی رەق" (hard politics)، بەڵام چین تا ئێستاش هەر پەیڕەوی سیاسەتی نەرم (soft politics) یا تەنانەت جۆرێک لە سیاسەت کە چین پێی ناسراوە ئەویش "سیاسەتی زیرەکە" واتە (smart politics)، یا هەندێک جار وەک "هێزی زیرەک" (smart power) ناودەبرێت. بنەما و خاڵی لێوەدەرچوونی هەرە گرنگیش لە "سیاسەتی زیرەکدا" کەلتوری سیاسییە، کە لە حاڵەتی چین تەمەنی ئەم کەلتورە نەک هەر چەند سەد ساڵێکە بەڵکو تەنانەت چەند هەزار ساڵێکیشە. دەستهەڵگرتنی چین لەم شێواز و مێتودی سیاسەتکردنە بژاردەیەکی هەروا ئاسان و بێکێشە نابێت! بۆ بۆچوونێک دەربارەی "سیاسەتی زیرەک"ەوە، بۆ نموونە، بڕوانە: Kishure Mahbubani, ”Smart Power, Chinese-Style,” in *The American Interest: Policy, Politics & Culture,* Vol. 3, No. 4, March-April 2008, pp. 68-77.

چەند بار قورستر و قورستر دەبێت. جا لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا سوید و فینلاند تا چ رادەیەک ئەندامبوونی خۆیان لە ناتۆدا خستۆتە ئەم قاڵبە ستراتیژی و دوورمەودایەوە، وە ئایا وەک پێویست شەنوکەوی ئەم گریمانە دوورمەودایە ستراتیژییەیان کردووە؟؛

٣) لەوە دەچێ زۆربەی جار تورکیا نەتوانێت لە رێگایەکی ئاسایی و لە پرۆسەیەکی دیپلۆماسی نۆرماڵدا مەرجەکانی بەسەر وڵاتە رۆژئاواییەکاندا بسەپێنێ، بەڵام کە قەیرانێکی گەورە دێتە پێشەوە، کە جیهانی رۆژئاوا پەیوەندیدار دەکات، ئەو کاتە تورکیا لە رێگای ئەو قەیرانەوە دەبێتە خاوەن رۆڵ. قەیرانی ٢٠١٥ی هاتنی بە لێشاوی ژمارەیەکی زۆر لە پەناهەندە بەرەو وڵاتانی رۆژئاوا، دەرفەتێکی دا بە تورکیا بۆ ئەوەی پێگەیەک، لە رێگای نزیکبوونەوەی هاوبەشی تورکیا و یەکێتی ئەوروپا، لەو قەیرانەدا بۆ خۆی فەراهەم بکات. بە هەر حاڵ، ئەو نزیکبوونەوە هاوبەشە زیاتر بوو بە دەستکەوتێکی ماددی سنووردار بۆ تورکیا، تا هەر شتێکی دیکە، چونکە لە دورمەوددا، زیاتر لە سێ ملیۆن پەناهەندەی سوری لە تورکیا مایەوە و نزیکبوونەوەیەکی ئەوتۆش لە نێوان تورکیا و یەکێتی ئەورووپاش دروست نەبوو کە بگاتە رادەی خزمەتکردن بە ئامانجی دوورمەودا و ستراتیژی ئەو وڵاتە کە ئەویش خواست و خەونی لە مێژینەی تورکیا بوو بۆ بوون بە ئەندام لە یەکێتی ئەورووپادا.

لە ئێستادا، تورکیا بە ئاشکرا دەخوازێ لە ئەو دۆخە قەیراناوییەی کە جیهان و رۆژئاوا، بە هۆی جەنگی روسیا و ئۆکراینا، تێی کەوتوون بە شێوەیەک لە شێوەکان سوود وەرگرێت و بەری قەیرانەکە بچنێتەوە. دەکرێ تورکیا، لەم قەیرانەدا، هەندێک دەستکەوتی سنووردار لە نزیک مەودادا بەدەست بهێنێت، بەڵام جێگای گومانە ئەو دەستکەوتانە لە ئاستی ستراتیژیدا جێگیر بکرێن بە شێوەیەک کە خزمەت بە سیاسەتە دوور مەوداکانی ئەو وڵاتە بکەن؛

٤) لە هەڵوێستی نەرێنی تورکیا بەرامبەر بە خواستی سوید و فینلاند بۆ ئەندامبوونیان لە ناتۆ، رۆڵی کوردانی تاراوگە، زۆر بە تایبەتی ناوی ئامینە کاکەباوە (ئەندامی پەرلەمانی سوید) دەرکەوت. ئامینە پێشتر لەسەر لیستی پارتی چەپ ببو بە ئەندام پەرلەمان، دواتر بێبەرییبوونی خۆی لەو حزبە راگەیاند بەڵام وەک پەرلەمانتارێکی سەربەخۆ یا راستتر، بە دەربرینە سویدییەکە بڵێین (politisk vilde – "یاخیبووی" سیاسی)[14] لە پێگەکەیدا بەردەوام بوو. بەڵام رەهەندی کوردی لە مەسەلەی بوونی سوید بە ئەندام لە ناتۆدا تەنها لە رۆڵی رەوەندی کوردی و بە سیمبۆلبوونی ئەو رۆڵە لە رێگای ئامینە کاکەباوەوە کورت ناکرێتەوە، راستییەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترە و سنووورە نیشتمانییەکانی سویدیش دەبەزێنێ.

---

[14] چەمکی "یاخیبووی سیاسی" یا "یاخی" دەکرێ دوو هاوتای گونجاو بن بۆ شێوازە سویدییەکانی وشەکان (politisk vilde) یا (vilde). ئەم چەمکە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٨٩٥ بەکارهات وە مەبەست لێی ئەو جۆرە پەرلەمانتارانە بوو کە حزبەکەی خۆیان جێدەهێشت، بەڵام هەر بەردەوامیش دەبوون وەک ئەندامێکی سەربەخۆی پەرلەمان. لەو کاتەوە ئەم شێوە بەناوکردنە هەر ماوەتەوە، ئەگەرچی رەخنەشی لەسەرە.

شەڕی پەکەکە نزیکەی چل ساڵە لەگەڵ تورکیای ئەندامی ناتۆدا بەردەوامە، بەڵام پەکەکە پێشتر لە ئەوروپا (بە تایبەتی لە ١٩٨٠کان، لە هەندێک لە وڵاتانی ئەوروپا ناوی لکێنراوە بە بەکاربردنی زەبر و زەنگ (بە تایبەتی لە ١٩٨٠کان) بە تایبەتی لە مەسەلەی "پاکتاوکردنی" ژمارەیەک لە بەرپرس و کادرانی پێشوی ئەو حزبە لە وڵاتانی ئەوروپا. هەڵبەتە بەشێکیش لەم پاکتاوکردنە لەسەر خاکی سوید ئەنجامدراوە، بە تایبەتی لە ١٩٨٤ و ١٩٨٥. هەر ئەم ڕووداوانەش بوونە هۆی ئەوەی کە سوید یەکەم وڵاتی ئەوروپا بێت مۆری "تیرۆریست" بوون لە پەکەکە بدات، دوور لە فشاری ئەمریکا، ناتۆ یا تەنانەت تورکیا[15]! بە هەر حاڵ ئەم پێشخانە لە پاکتاوکردن لە هەندێک لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی دواتر، وە بە داواکاری تورکیا، پەکەکە لە لایەن ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا بە تیرۆریست لەقەڵەم بدرێ، ئەگەر چی پەکەکە بەردەوام بە ڕەسمی ئینکاری ئەوەی کردووە کە خۆی وەک ڕێکخراو لە پشت ئەو پاکتاوکردنەوە بووبێت. کەواتە، سادەییە گەر هەوڵی سڕینەوەی ئەم هەموو پێشەینەیە بدرێ و وا وێنابکری وەک ئەوەی کێشەی بە تیرۆریست ناساندنی پەکەکە پێشتر تەنها بە فشاری تورکیا ئەنجامدرابێت یا لەم دوایانە، لە سەر و بەندی بوونی سوید بە ئەندام لە ناتۆ، سەریهەڵدابێت.

ئەگەر چی لە ساڵانی ڕابردوودا پەکەکە هەوڵی زۆری دا بۆ ئەوەی ناوی ڕێکخراوەکە لە لیستی تیرۆر دەربهێنرێت. ئەم هەوڵانە لەگەڵ بوونی ئاماژەی هەندێک پێووەچوونی باشیشدا، بەڵام تا ئێستاش ئەم ڕێکخراوە لەم کۆت و بەندە ڕزگاری نەبووە. لە ساڵانی ڕابردوودا دوو شت، یا دوو پێشوەچوون، زۆر یارمەتیدەربوون  بۆ ئەوەی پەکەکە تا ڕادەیەک بتوانێ کاریگەری نێگەتیڤانەی بە تیرۆریستناساندن لەسەر خۆی و خەباتەکەی کەم بکاتەوە: ١) پەکەکە، لە ١٩٩٠کانەوە دەستی هەڵگرت لە زیدەڕۆیی لە بەکاربردنی زەبر و زەنگ لەسەر خاکی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا دژ بە دەنگی ناڕازی، جگە لەوەش ئەو حزبە سەرکەوتوو بوو لە بە "مەدەنیکردن" و "دامەزراوەییکردنی خەباتەکەی لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا، وەک بۆ نموونە دروستکردنی پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، دامەزراندنی کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی جیهانی و کۆنگرەی نەتەوەی و. . . هتد؛ ٢) جەنگی دژی داعش یارمەتیدەرێکی گەورە بوو بۆ گۆڕینی "وێنەی" ڕێکخراوێک کە بەردەوام بە تیرۆریست لەقەڵەم دراوە، بۆ هێزێکی چەکدار کە مرۆڤایەتی پێویستی پێبوو بۆ ئەوەی خۆی لە تیرۆری ئەم هێزە تاریکە (واتە داعش) بپارێزی.

---

[15] دوو نموونە لە تیرۆرکردنی ئەندام و کادیرانی پێشووی پەکەکە لە سوید ڕوویانداوە: لە شاری ئۆپسالا لە ٢٠-٦-١٩٨٤ ئەنوەر عەتا، کە پێشتر وازی لە پەکەکە هینابوو، تیرۆر کرا وە لە ستۆکهۆڵم لە ٢-١١-١٩٨٥ جەتین گونگویر، کە پێشتر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پەکەکە بوو وە وازی لەو حزبە هێنابوو، تیرۆرکرا. جەتین پێشتر لە فەرەنسا بووە و دواتر هاتۆتە سوید وە لە لایەن "پۆلیسی ئاسایش"ی سوید (säkerhetspolisen)ەوە شوناسێکی نوێی پێدرابوو وە لە ژێر پارێزگاریی پۆلیسی ئاسایشدا بوو. لە هەردوو حاڵەتیشدا بکوژەکان و یاریدەدەرەکانیان هەر لە سوید دەستگیرکران و دادگاییکران. بڕوانە: https://sv.wikipedia.org/wiki/Terrorism_i_Sverige#PKK_1984-1999 دەستگەیشتن ٢٠٢٢/٧/١٧؛ بۆ وردەکاری زیاتر بڕوانە: Erik Hjärtberg, ”Bakgrund: morden på PKK avhoppare.” https://erikhjartberg.se/journalistik/bakgrund-morden-pa-pkk-avhoppare/ دەستگەیشتن ٢٠٢٢/٧/١٨.

بەڵام، هەر وەک چۆن هێرشی روسیا بۆ سەر ئۆکراینا زۆر شتی گۆڕی، هەروەها ئەم رووداوە دەرفەتەکانی پەکەکەشی بۆ "نۆرماڵبوون" وە رزگاربوون لە مۆری "تیرۆریستبوون" سەرلەنوێ خاوکردەوە، تەنانەت، لەگەڵ داواکاری سوید و فینلاند بۆ بوون بە ئەندام لە ناتۆدا، جارێکی دیکە پەکەکە بە توندی پاڵدرایەوە بۆ چوارگۆشەی ژمارە یەک: زێدەبوونی مەترسی بۆ سەر ئەورووپای رۆژئاوا بە تایبەتی وڵاتانی بەلتیک، سوید و فینلاند، پۆڵۆنیا و هیتر، جارێکی دیکە هەندێک کارتی یاریکردنی جیۆپۆلیتیکی بە هێزی خستە دەستی تورکیا، کە ئەو وڵاتە دەمێک بوو بۆ کارتی لەمجۆرە دەگەڕا! بە هەر حاڵ، دەرکەوت کە ئەم گۆڕانکارییە جیۆستراتیژییە ریشەییە لە سیستمی جیهانیدا لە هاتو هەواری پەکەکە، ئامینە کاکەباوە و کوردان بە گشتی زۆر بەهێزترە: لەم گۆڕانکارییە جیۆپۆلیتیکییە بنەڕەتییەدا توانای یاریکردنی ئەو نەتەوانەی خاوەن دەوڵەتن زۆر بەهێزترە لە بەرامبەر نەتەوە بێدەوڵەتەکان. کورد، وەک نەتەوەیەکی بێدەوڵەت، نەک هەر لە گۆڕانکارییەکی ئەوهادا ناتوانێ یاری بە کارتی جیۆپۆلیتیک بکات، بەڵکو جارێکی دیکە بە توندی دەکەوێتە ژێر فشار و هەڕەشەی بەکاربردنی ئەو کارتە، واتە کارتی جیۆپۆلیتیک، لە لایەن نەتەوە سەردەستەکانەوە، بە تایبەتی تورکیا، دژ بە کورد؛

٥) دەکرێ، لە گۆشەنیگایەکی سویدییەوە، ئەم هەنگاوی سوید بۆ بوون بە ئەندام زیانبەخش بێت بۆ ئەو پێگە دانپیانراوەی ئەو وڵاتە لە ماوەیەکی دوور و درێژدا، وەک وڵاتێکی بێلایەنی ریزلێگیراو لە ئاستی جیهانیدا، بەدەستی هێناوە. پێشتر ئەم پێگەیە وایکردووە کە نەتەوە یەکگرتووەکان وە پێش ئەویش کۆمەڵەی نەتەوەکان زۆر جار روو لە سوید بکەن بۆ ئەوەی ئەو وڵاتە بە رۆڵی ناوبژیوانی هەڵسێت یا لە کاری بەرقەرارکردنی ئاشتی لە ململانێ جیا جیاکاندا رۆڵی کارای خۆی ببینێ[16]. لە راستیدا ئەم پێگەیە وایکردووە کە هەندێک جار سوید لە کۆمەڵگەی ئەکادیمی و دیپلۆماسیدا وەک "زلهێزی مۆراڵی" (moral superpower) ناوی بهێنرێ. دەکرێ زۆر نموونە، هەر لە پێشوەچوونەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بهێنینەوە کە لەوێدا سوید رۆڵی بەرچاوی هەبووە: ١) بەشداریی سوید لەو کۆمیسیۆنەی کە کۆمەڵەی نەتەوەکان لە پرۆسەی یەکلاکردنەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ لە ساڵی ١٩٢٤-١٩٢٥ ناردیە عێراق بۆ لێکۆڵینەوە؛ ٢) دوو جار سەرۆکایەتی لیژنەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پشکنینی چەکی کۆمەڵکوژ لە عێراقی دوای جەنگی کوەیت درا بە سوید؛ ٣) هەروەها ناوبژیوانی لە نێوان عێراق و ئێراندا بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگ لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا؛ ٤) لە ململانێی ئیسرائیل و فەلەستین، هەر لە دامەزراندنی ئیسرائیلەوە، سوید بە جۆرەها رۆڵ بەشداری هەبووە لە کارە دیپلۆماسییە پەیوەندیدارەکانی ئەم دۆسیەیە.

[16] لێرەدا دەکرێ تەنها سێ نموونە بهێنینەوە کە پەیوەندی بە رۆڵی شارەزایانی سویدیەوە هەیە کە رۆڵی گرنگیان بینیوە لە کار و چالاکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا: ١- داگ هەمەرشیلد، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو لە ١٩٥٣ تا ١٩٦١؛ ٢- رۆلف ئیکیۆس، لە ١٩٩١ بوو بە سەرۆکی کۆمیسۆنی داماڵینی عێراق لە چەکی کۆمەڵکوژی؛ ٣- هانس م. بلیکس، سەرۆکی کۆمیسیۆنی پشکنینی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو لە ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٣، بۆ پشکنینی چەکی کۆمەڵکوژ لە عێراق.

## یاداشتنامەی سیقۆڵی سوید، فینلاند، تورکیا

لەم بەشەی باسدا، جگە لە پێشەکی و پێشینەیەکی گشتی، هەوڵ دەدەین لە لایەکەوە تیشک بخەینە سەر دەقی یاداشتنامەی لێکگەیشتنە سیقۆڵیەکە، وە لە لایەکی تریشەوە هەوڵ دەدەین تیشک بخەینە سەر جیاوازی لە تێگەیشتن لە دەقەکە لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان بە یاداشتنامەکە.

یەکسەر دوای هێرشی سەربازیی روسیا بۆ سەر ئۆکراینا مەسەلەی مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی کۆمەڵێک دەوڵەت وروژێنرا، لەمانەش بە تایبەتی فینلاند و سوید، بەڵام بە تایبەتیتر فینلاند کە لە رابردوودا، بە تایبەتی لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا، داگیرکاریی روسیای ئەزموون کردبوو وە لە رووی جوگرافیشەوە سنووری هاوبەشی لەگەڵ روسیا هەیە.

هەر زوو دەرکەوت کە پێویست نەبوو سوید و فینلاند کاتێکی زۆر چاوەڕوان بکەن بۆ ئەوەی بۆیان روون ببێتەوە کە خواستی بوون بە ئەندام لە ناتۆدا بە شێوەیەک لە ناو دانیشتوانی ئەو دوو وڵتەدا بەرزبۆتەوە، ئیتر لە هەردوو حاڵەتدا بە ئاسانی باس لە سەروی پەنجا لە سەد لە دانیشتوان کرا کە خوازیاری ئەوە بوون وڵاتەکانیان ببن بە ئەندام لە ناتۆدا. بە لای سویدەوە بەرزبوونەوەی دەنگی "رەسمیی" لە فینلاند لە خواستی بوون بە ئەندام لە ناتۆدا، وە دواتر دەنگدان بەو ئاراستەیە لە پەرلەمانی فینلاندی، رێگای لەبەردەم دووبارەبوونەوەی هەمان پرۆسە لە سوید کردەوە، چونکە هەر زوو سویدییەکان ئەو ئاماژەیەیان دابوو ئەگەر فینلاند بریار لەسەر بوون بە ئەندام لە ناتۆ بدات ئەوا ئەو بریارە بۆ سویدیش گرنگ، تەنانەت یەکلاکەرەوە، دەبێت بۆ ئەوەی لە هەمان ئاراستەدا بۆ بوون بە ئەندام لە ناتۆدا پێ هەڵگرێ. دواجاریش، رێک ئەمە روویدا.

دەکرێ لەسەر بنەمای تێبینیکردنی ئەم پێشوەچوونە ئەوە بڵێین کە تا ئێستا سوید و فینلاند پرسی بە ئەندامبوونییان لە ناتۆدا بە شێوەیەک بردۆتە پێش وەک ئەوەی ئەم دوو وڵاتە دوو "یەکەی سیاسی" بن لە سیستمێکی کۆنفیدراڵیدا. هەر لەبەر ئەوەش دەکرێ یاداشتنامەی لێکگەیشتنی مەدرید، سەرەڕای ئەوەی لە رووە رەسمییەکەیەوە "سێ قۆڵییە،" بەڵام وەک دوو قۆڵیش ببینرێ: واتە تورکیا لە لایەک وە سوید و فینلاند لە لایەکی ترەوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا جێگای سەرنج و بایەخە!

هەر لە سەرەتاوە مەبەستی سەرەکی تورکیا، لە گوتنی نەخێر بۆ بەئەندامبوونی سوید و فینلاند، دوو شتی سەرەکی بوون: یەکەم، مەسەلەی پێداچوونەوەی هەڵوێستەکانی پێشتر و کاری هاوبەش لەمەڕ بوون و چالاکییەکانی پەکەکە و بزووتنەوەی "فەتۆ"[17]؛ دووەمیشیان، مەسەلەی فرۆشتنی چەک بە تورکیا لە لایەن سویدەوە، بەڵام خاڵی هەرە گرنگ و یەکلاکەرەوە هەڵوێستەیە لە پەکەکە، بە دیاریکراویش مامەڵەی ئەم دۆسیەیە لە چوارچێوەی دید بۆ مەسەلەی تیرۆریزم و

---

[17] لە راستیدا ئەم بزووتنەوەیە بە چەند ناوێک ئاماژەی پێ دەدرێ، وەک جوڵانەوەی خزمەت (Hizmet)؛ جوڵانەوەی نورجو یا جوڵانەوەی نور (وەک ئاماژە بە نووسراوەکانی (نور)ی بەدیعولزەمان سەعید عەزیز نورسی؛ وە فەتۆ (وەک کورتکراوەی ناوی فەتحوڵڵا گوڵەن) سەرکردەی رۆحی بزاڤەکە. دیارە لە دەقی یاداشتنامە سێقۆڵییەکەدا وشەی "فەتۆ" بەکار براوە، وەک ئاماژە بۆ بزووتنەوەکەی فەتحوڵڵا گوڵەن.

مامەڵە لە تەکیدا. هەر لەبەر ئەوەش، هەر زوو لە خاڵی سێهەمی یاداشتنامەی لێکگەیشتنی سێقۆڵی تورکیا و فینلاند و سوید ئەوە هاتووە کە یەکێک لە رەگەزە هەرە سەرەکییەکانی ناتۆ هاوسۆزی و کاری هاوبەشی نەگۆڕ بووە لە بەرەوڕوبوونەوەی تیرۆریزم، لە هەموو فۆرم و شێوازەکانی دەرکەوتنیدا[18]. لە خاڵی چوارەمی لێکگەیشتنەکە سوید و فینلاند پید و یەپەگە بە دوو ریکخراوی تیرۆریستی نازانن کە ئەمە لە سەرەتادا خواستی تورکیا بوو. بەڵام لە لایەکی دیکەوە ئەم دوو وڵاتە ئامادە نین پشتگیری ئەم دوو ریکخراوە بکەن[19]. لە لایەکی ترەوە، لە خاڵی پێنجەمدا بواری ئەوە هەیە تورکیا تەفسیرێکی ئەوها بکات کە ئیتر ریکخراوە "نزیکەکان" لە پەکەکە بخرێنە خانەی رێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە. لەم خاڵەدا ئەمە هاتووە: "فینلاند و سوید پابەندن بە رێگریکردن لە چالاکییەکانی پەکەکە و رێکخراوە تیرۆریستییەکانی دیکە و درێژکردنەوەکانیان، هەروەها چالاکی ئەو کەسانەی لەو گروپ و تۆڕانەدان کە نزیکن لە رێکخراوە تیرۆریستییەکان"[20]. ئەم دەقە بواری زۆر دەدات بە تورکیا کە ئاماجەکانی لەمەڕ بەرتەسککردنەوەی زۆربەی هەرە زۆری چالاکییە کوردییەکان بپێکی، بەڵام لە لایەکی دیکەوە دەقەکە "لاستیکییە" و بواری تەفسیری جیا جیا هەڵدەگرێ. بۆ نموونە، یەکێک لە هەرە شارەزا سویدییەکانی بواری یاسای نێودەوڵەتی (ئوڤێ برینگ) لە گفتوگۆیەکی رادیۆی سوید (پ١، ستودیۆ ١) بە تایبەتی جەخت دەکاتەوە کە کێشەیەک لە تێگەیشتنی جیاواز دروست دەبێت لە نێوان سوید و تورکیا، کاتێک باس لە "رێکخراوە تیرۆریستییەکانی تر" دەکرێت، چونکە لە سوید نازانرێ مەبەست لەو رێکخراوانە چییە، "هەڵبەتە جگە لە پەکەکە خۆی"[21].

ئەو خاڵەی کە زۆرترین قسە و باسی لەسەر کراوە، لە ئاستی رەسمی و لە پانتایی رای گشتی فینلاند و سویدیدا، مەسەلەی رادەستکردنی هەندێک کەسە بە تورکیا لە لایەن فینلاند و سویدەوە. لەم بارەیەوە، لە رۆژی کۆتایی کۆبوونەوەی لوتکەی ناتۆ لە مەدرید، دەربارەی پرسیاری ئایا سوید ئامادەیە ٣٣ کەس، کە بە دیدی تورکیا تیرۆریستن، رادەستبکاتەوە؟ ئەردۆغان لە وەڵامدا گوتی جارێ پێویستە ئەوە راستبکەینەوە کە ٣٣ کەس نیین بەڵکو ٧٣ کەسن وە تورکیا چاوەڕوانی هەیە کە سوید رێز لە پەیمانەکە بگرن. لە لایەکی ترەوە، دەربارەی پرسیاری ئەوەی ئەگەر یاسای سوید و رێساکانی یەکێتی ئەوروپا رێگر بن لە رادەستکردنێکی

---

[18] بۆ بینینی دەقی لێکگەیشتنە سێقۆڵیەکە بروانە پێگەی رەسمی ناتۆ: The Trilateral memorandum between Türkiye, Finland and Sweden, 28 June, 2022.
https://www.nato.int/cps/en/natohq/official_texts_197342.htm?selectedLocale=en. دەستگەیشتن ٢٠٢٢/٧/٤.

[19] بروانە: The Trilateral memorandum between Türkiye, Finland and Sweden, 28 June, 2022.
https://www.nato.int/cps/en/natohq/official_texts_197342.htm?selectedLocale=en. دەستگەیشتن ٢٠٢٢/٧/٤.

[20] بروانە خاڵی پێنج لە یاداشتنامەی لێکگەیشتنی سێقۆڵی: The Trilateral memorandum between Türkiye, Finland and Sweden, 28 June, 2022.
https://www.nato.int/cps/en/natohq/official_texts_197342.htm?selectedLocale=en. دەستگەیشتن ٢٠٢٢/٧/٤.

[21] تەواوی گفتوگۆکە لەم لینکەدایە: https://sverigesradio.se/avsnitt/studio-ett-30-juni--2 دەسگەیشتن ٢٠٢٢/٧/١
ئوڤێ برینگ، بە تایبەتی لە ١٩٩٠کان، ناسراو بووە بە دۆستایەتی بۆ کورد وە یەکێکە لەو شارەزایانەی بواری یاسای نێودەوڵەتی کە هەر زوو لە کتێبێکیدا ئاماژەی بە "دەستووردانی" نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و باشوری کوردستان کرد وەک وەرچەرخانێک لە مێژووی ئەو رێکخراوە جیهانییەدا و لە سیستمی نوێی جیهانی و یاسای نێودەوڵەتیدا.

ئەوها، ئەو کاتە چی دەبێت، وەڵامی ئەردۆغان لەم بارەیەوە بڕاو بڕ نەبوو وە لەوە دەچێ هەر زوو لایەنی تورکی خۆیشی لەوە ئاگادار بێت کە جێبەجێکردنی یاداشتنامەی لێکگەیشتنی سێقۆڵی (تورکیا، سوید، فینلاند) ئاسان نابێت، وە بەر لە هەر شتێک بواری تەفسیری جیا جیا، تەنانەت دژ بە یەکتریش، هەیە[22]. مەسەلەی رادەستکردنەوەی کەسانێک زیاتر لە بەشی سێهەمی خاڵی هەشتەمی یاداشتنامەکەدا ئاماژەی پێدراوە. بە هەر حاڵ، یەکێک لە رەهەندە سەرنجڕاکێشەکانی مەسەلەی رادەستکردن ئەوەیە کە وشەی کورد لەم بەشەدا نەهاتووە، ئەمەش بۆخۆی هێمایەکی باشە، هەڵبەتە ئەگەر لە گۆشەنیگایەکی کوردییەوە لە مەسەلەکە بڕوانین. لە لایەکی ترەوە، مەسەلەی رادەستکردن پەیوەندیدار کراوە بە یاسا و ڕێسا ناوخۆییەکانی سوید و فینلاند وە هەروەها مەرجدار کراوە بە "رێککەوتننامە یا پەیماننامە" (convention)ی یەکێتی ئەوروپا لەمەڕ مەسەلەی رادەستکردنی "گوناهباران". لەم رووەوە، هەر زوو ئوڤێ برینگ لە گفتوگۆیەکی گرنگی رادیۆی سوید (ستودیۆ ١) ئاماژەی بەوەدا کە پێویست ناکات کوردەکان نیگەران بن، چونکە بە پێی تێگەیشتنی ئەو شارەزایە: ١) ئەم یاداشتی لێکگەیشتنە "بەیاننامەیەکی سیاسییە" و پێویستی بە بەرجەستەکردن هەیە لە بواری یاسای ناوخۆیی یا نیشتمانی سوید و فینلاندا، هەروەها بەرجەستەکردن لە رێککەوتننامەی یەکێتی ئەوروپادا؛ ٢) دەبێ هەر زوو ئەوە بگوترێ کە کێشە نەک هەر لە یاساکان، بەڵکو لە "پێناسەی" جیاوازدا هەیە، کاتێک قسە دێتە سەر ئەوەی کە بە دیاریکراوی "تیرۆریست" و "تیرۆریزم" چۆن پێناسە دەکرێن؛ ٣) سوید وەک کۆمەڵگە و دەوڵەتی یاسا هیچ هەنگاوێک ناهاوێژێ بە ئاراستەی رادەستکردنەوەی کەسانی کورد، ئەگەر بە وردی یاسا نیشتمانییەکانی خۆی لەبەر چاو نەگرتبێ. لەم رووەشەوە زۆر جیاوازی، لە رووی یاساوە، پەیوەندیدار بە تیرۆریزم لە تورکیا و سوید، هەن[23]. لە راستیدا لە هەمان ئاراستەدا، وە دەکرێ بڵێین لە ژێر کاریگەری رای ئەم شارەزایەدا، مۆرگان یوهانسۆن (وەزیری داد و ناوخۆی سوید) لە هەمان رۆژ کە ئوڤێ برینگ قسەی کردبوو (واتە ٢٠٢٢/٦/٣٠) ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە بۆ رادەستکردنی هەر کەسێک دەبێ هەر نەبێ سێ رەگەزی گرنگ لەبەرچاو بگیرێن: أ- دەبێ رادەستکردن لە رۆشنایی یاسا ناوخۆییەکانی سوید بێت؛ ب- دەبێ هەنگاوەکە یەکانگیر بێت لەگەڵ رێککەوتننامەی یەکێتی ئەوروپا؛ ج- هەروەها جەختکردنەوە لەوەی کە بڕیارە سەربەخۆکانی دادگاکان لە سوید دور و پارێزراون لە هەر جۆرە کاریگەرییەکی دەسەڵاتی جێبەجێکار لەسەر دەسەڵاتی دادوەری. هەروەها ئەوەی جەختکردەوە کە "هاونیشتمانیانی سویدی" بە هیچ جۆرێک رادەست ناکرێنەوە[24].

[22] بڕوانە:
https://www.youtube.com/watch?v=_VR87z5JZ1c دەستگەیشتن ٢٠٢٢/٧/١.

[23] https://sverigesradio.se/avsnitt/studio-ett-30-juni--2 دەسگەیشتن ٢٠٢٢/٧/١.

[24] لێدوانی مۆرگان یوهانسۆن لە رۆژی ٢٠٢٢/٦/٣٠: https://sverigesradio.se/artikel/justitieministern-svenska-medborgare-utlamnas-inte دەستگەیشتن ٢٠٢٢/٦/٣٠

www.burhanyassin.com

بابەتێکی تر، کە تورکیا زۆر مەبەستی بوو لە بەرژەوەندی خۆیدا گۆڕانکاری تیادا بکرێ، مەسەلەی کڕینی چەک بوو لە سوید. لەم بارەیەوە لە خاڵی حەوتی یاداشتنامەکەدا هاتووە کە لە ئێستادا هیچ بایکۆتێکی چەک کرین و فرۆشتن لە نێوان تورکیا، فینلاند و سویددا نییە. جگە لەوەش سوید پابەندبوونی خۆی دووپاتکردەوە کە بە یاسا و ڕێسا نیشتمانییەکانی خۆیدا، لەمەڕ هەناردەکردنی چەک، دەچێتەوە[25]. ئاشکراشە کە تورکیا، بە مەبەستی بەدەستهێنانی چەک زۆر، دوورتر رۆیی وە هەڵوێستی نەرێنی خۆی بەرامبەر سوید و فینلاند وەک کارتێکی گوشار بۆ سەر ئەمریکاش بەکارهێنا بۆ ئەوەی ئەم وڵاتە بە هەڵوێستی پێشووی خۆیدا بچێتەوە لەمەڕ فرۆشتنی فرۆکەی جەنگیی ئێف ١٦ بە تورکیا. راستە ئەم مەسەلەیە بە هیچ شێوەیەک لە چوارچێوەی یا دەقی یاداشتنامەی لەیەکگەیشتنی سێقۆڵی نێوان تورکیا و سوید و فینلاندا باسنەکراوە، بەڵام ئاشکرایە کە گفتوگۆ لە نێوان ئەردۆغان و جۆ بایدن لەم بارەیەوە، هاوکات لەگەڵ کۆبوونەوەی لوتکەی ناتۆ لە مەدرید، کراوە. لەم بارەیەوە، لە دوایین رۆژی ئەو کۆبوونەوەیە وە لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا، کە بۆ رەجەب تەیب ئەردۆغان رێکخرابوو، ئەردۆغان دەربارەی ئەوەی ئایا تورکیا گەرەنتی هەناردەی فرۆکەی جەنگی ئێف ١٦ بۆ تورکیا وەرگرتووە یا نا؟ لە وەڵامەکەی ئەردۆغاندا دەردەکەوێت کە مەسەلەکە یەکلانەکراوەتەوە: بە گوتەی ئەردۆغان ئەگەرچی سەرۆک جۆ بایدن هەڵوێستی "ئەرێنییە،" بەڵام لایەنی تورکی لەو هاوسەنگییە هەستیارەی، کە لە نێوان دیمۆکراتەکان و کۆمارییەکاندا لە کۆنگرێسدا هەیە، ئاگادارە[26]. بەم واتایەش دەکرێ بڵێین ئەگەری کردنەوەی دەرگای داخراو بەسەر هەناردەکردنی فرۆکەی جەنگی ئێف ١٦ بۆ تورکیا هەردوو ئەگەر هەڵدەگرێ: یەکێکیان ئەوەیە کە بۆ ماوەیەکی تریش ئەم دەرگایە بە داخراوی دەمێنێتەوە، بەڵام دووەمیان ئەوەیە کە، بە بارێکی دیکەدا، ئەم دەرگایە ئەگەری کرانەوەشی هەبێت[27]. هەڵبەتە پێویستە بگوترێ کە مەسەلەی فرۆشتنی ئێف ١٦ بە تورکیا یا نەفرۆشتنی زۆرتر پەیوەندی بەو جۆرە پەیوەندییەوە هەیە کە ساڵانێکە لە نێوان تورکیا و روسیا پەرەی سەندووە، بە تایبەتی بڕیاری تورکیا بۆ کڕینی سیستمی موشەکی ئێس ٤٠٠. بەڵام بە ئەگەری زۆر دوای هێرشی روسیا بۆ سەر ئۆکراینا ئەم بابەتەش گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

هەر زوو دوای مۆرکردنی یاداشتنامەی لێکگەیشتن دوو دیاردەو ئاراستە بە ئاشکرا دەرکەوتن. لە لایەکەوە بەرپرسانی فینلاند و سوید لە نیگەرانییەکانی کوردان گەیشتن و بە شێوازی جیا جیا دڵنیاییاندا دەربارەی یاداشتنامەکە لە حاڵەتی جێبەجێکردنیدا، لە بەرامبەریشدا هەر زوو سەرۆکی تورکیا رەجەب تەیب ئەردۆغان نیگەرانی و گومڕایی خۆی لەو جێبەجێکردنە نەشاردەوە. دواجار

---

[25] https://www.nato.int/cps/en/natohq/official_texts_197342.htm?selectedLocale=en. دەستگەیشتن ٢٠٢٢/٧/٤.

[26] بۆ بیستنی هەموو قسەکانی ئەردۆگان لەو کۆنفرانسە رۆژنامەوانییەدا، کە ماوی نزیکەی یەک کاتژمێرە، بڕوانە ئەم پەیوەندییە:
https://www.youtube.com/watch?v=_VR87z5JZ1c دەستگەیشتن ٢٠٢٢/٧/١.

[27] بڕوانە: https://www.youtube.com/watch?v=_VR87z5JZ1c دەستگەیشتن ٢٠٢٢/٧/١.

www.burhanyassin.com

له ٢٠٢٢/٧/١٨، ئەردۆغان ڕایگەیاند "دەمەویت جارێکی دیکە ئەوە وەبیربهێنمەوە، ئەگەر بێت و له پێناو جێبەجێکردنی مەرجەکانماندا هەنگاوی پێویست نەهاوێژن، پێواژووەکە سڕدەکەین"[28]. ئەم هەڵوێستەی ئەردۆغان ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە مۆرکردنی یاداشتنامەی سێقۆڵی بە شێوەیەکی بڕاوبڕ گومانەکانی تورکیای بەرامبەر سوید و فینلاند، بە تایبەتی بەرامبەر بە سوید، نەڕەواندۆتەوە. جگە لەوەش، کۆمەڵێک ناکۆکی قوڵ هەن لەمەڕ پێناسەی تیرۆر، دیدگای جیاواز لە یاسا و ڕۆڵی دەسەڵاتی دادوەری و بە گشتیش جیاوازی لە نێوان هەردوو لا لە جیهانبینییەکانیاندا. جگە لەمەش ڕاستە کە یاداشتنامە لەسەر دەستی سکرتێری گشتی ناتۆ مۆرکراوە، بەڵام دواجار پرۆسەی پەسەندکردنی سوید و فینلاند دەبێ لە پەرلەمانی یەک بە یەکی ئەندامانی ناتۆدا تێبپەڕێ وە لەم حاڵەتەشدا پەرلەمانی تورکیا ئەم مەسەلەیە یەکلادەکاتەوە.

# گفتوگۆی زیاتر و دەرەنجام

ئەم باسە هەوڵێکە بۆ تیشک خستنە سەر یاداشتنامە سێقۆڵییەکەی نێوان سوید، فینلاند و تورکیا لە دیدێکی کوردستانییەوە. لە لایەکی ترەوە، ئەم یاداشتنامەیە تەنها هێمایەکە بۆ گۆڕانکارییەکی فراوانتر، گەورەتر و ڕیشەییتر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. ئەم گۆڕانکارییە زیاتر خۆی لە مەسەلەی خەملاندنی یا هاتنە کایەی سیستمێکی نوێی جیهانیدا دەبینێتەوە، کە دەکرێ بڵێین لەگەڵ ڕووداوەکانی ئۆکرایندا تەکانێکی گەورە و گەوهەری بەخۆوە بینیوە. ڕاستە هەر لە ساڵی ١٩٩٠، کەمێک دوای داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عێراقەوە، جۆرج بوشی باوک "سیستمی نوێی جیهانی" ڕاگەیاند، کە زیاتر هێمایەک بوو بۆ سیستمێکی تاک جەمسەر بە سەرکردایەتی ئەمریکا. ئەگەرچی شکستی عێراق لە کوەیت هێرشەکانی ١١ی سێپتێمبەری ٢٠٠١ی ئەلقاعیدە بۆ سەر واشنتن و نیویۆرک وە دواتریش ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی سێ دەرفەتی مێژوویی بوون بۆ ئەمریکا بۆ ئەوەی ئەم سەرکردایەتییە بە دەست بهێنێ، بەڵام ئەمە ڕوویندا[29]. سی و دوو ساڵ دوای

---

[28] https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=59438 ٢٠٢٢/٧/١٨ دەستگەیشتن

[29] لە ڕاستیدا دەکرێ بڵێین کە سەرەتاکانی ناڕەزایی چین و ڕوسیا، بە تایبەتی لە سەرەتاکانی ئەو ڕووداوانەی لە بەهاری عەرەبیدا دەرکەوتن، کاتێک ڕواسیا و چین پێیان وابوو ئەمریکا و ناتۆ ئەو هێڵانەیان لە لیبیا بەزاند کە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، بۆ دەستوەردانی ناتۆ لەو وڵاتە، دیاریکرابوون. . . بەڵام گومانی تیا نییە کە ڕووداوەکانی ئۆکراینا، تا ڕادەیەکی زۆر، هێڵی جیاکەرەوە بوون لە ئاراستەی سەرهەڵدانی هێماکانی سیستمێکی نوێی جیهانی. ئاشکراشە کە زیاتر لە جارێک سەرۆکی ڕوسیا پوتین ئەوەی جەخت کردۆتەوە کە چیتر ڕوسیا ڕازی نابێت بە "تاکڕەوی" ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پانتایی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا وە بەم پێیەش **ڕوسیا خوازیاری هێنانە کایەی سیستمێکی جیهانی هاوسەنگترە**. بە پێی ئەم بۆچوونەش ماوەی نێوان کۆتاییهاتنی جەنگی سارد لە سەرەتای١٩٩٠کاندا تا جەنگی ئۆکراینا (واتە، کەم یا زۆر، ماوەی٣٢ ساڵ) ماوەی هەوڵ و خەباتی ئەمریکا بوو بۆ بەرجەستەکردن و جێگیرکردنی سیستمێکی جیهانی بە سەرکرادایەتی و پێشڕەویی خۆی. لەم ماوەیەشدا ئەمریکا هەرنەبێ سێ دەرفەتی بۆ ڕێککەوت بۆ ئەوەی سودیان لێ وەرگرێ بۆ بەدەستهێنانی پێگەی "ئەندازیار و پێشەنگی سیستمی نوێی جیهانی،" کە ئەوانیش جەنگی کوەیت، هێرشەکانی ئەلقاعیدە لە ١١ی سێپتێمبەری ٢٠٠١ وە ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی بوون.

www.burhanyassin.com

قەیران و شەڕی کوەیت، لە ئاکامی هێرشی روسیا بۆ سەر ئۆکراینا، ئێستا باس لە دەرکەوتنی سیستمێکی جیهانی دەکرێ کە روسیا خوازیارە وەک زلهێزێکی "ڕێز - لێ - گیراو" لەو سیستمەدا مامەڵەی لەتەکدا بکرێ.

لە بەرامبەردا ناکرێ خواستی سوید و فینلاند بۆ بوون بە ئەندام لە ناتۆدا تەنها لە کاردانەوەیەکی کاتیی بەرامبەر هێرشی روسیا بۆ سەر ئۆکراینا سنووردار بکرێ، بەڵکو ئەم هەنگاوە رەنگدانەوەی گۆڕانکاری ریشەیی و دوور مەودان لە دۆخی جیۆسیاسی ئەم دوو وڵاتەدا، روو لە داهاتوو. هەنگاوی سوید دابڕانێکی مێژوویی زۆر گەورەبوو لە نەریتی ئەو وڵاتە لە پێداگریی بەردەوام بۆ نەبوون بە بەشێک لە هیچ شەڕێکی ئیقلیمی یا جیهانی لە زیاتر لە دووسەد ساڵی رابردوو. بە گەورەیی ئەم هەنگاوە، رەنگدانەوەکان لە رووبەری فراوانی رای گشتی سویدیا، بۆچوونە جیا جیاکانی هێزە سیاسییەکان، لەمەڕ مەسەلەی ئەندامبوون لە ناتۆدا، فرە ڕەنگ و هەندێک جاریش توند و پڕ لە دژایەتی بوون.

دەرەنجام، بۆ سوید بڕیاری بوون بە ئەندام وەک بڕیاری ئایەتوڵلا خومەینی وابوو کە کاتی خۆی گوتی "رازیبوون بە راگرتنی شەڕ لەگەڵ عێراق بە مانای خواردنەوەی بەرداغێک ژەهر دێت،" کەواتە بۆ سویدیش ئەو بڕیارە خواردنەوەی بەرداغێک ژەهر بوو! ئەوە دەڵێم بۆ ئەوەی لە رووە کوردستانییەکەی مەسەلەکەوە بڵێم باشتر بوو کوردەکان لە جددیەتی ئەم بڕیارەی سوید بگەن وە لەوە بە ئاگا بن کە بۆ سوید بڕیاری بوون بە ئەندام لە ناتۆدا بڕیاری بوون یا نەبوونە، لە گۆشەبینینی ئاسایشی نیشتمانی ئەو وڵاتەدا. بە مانایەکی تر لایەنی کوردی، رەسمی یا نارەسمی، پێویست بوو نیگەرانییەکانی خۆی نەخاتە سەرەوەی، یا باڵاتر ببینێ لە، بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی ئەو وڵاتە. باشتریش وابوو بەر لە خستەنرووی هەر تێبینییەک لە گۆشەبینینی کوردستانییەوە، سەرەتا بە جوانی تێگەیشتنی خۆی، وە تەنانەت لایەنگیری خۆی، بۆ ئەو هەنگاوەی دەربڕیایە ئەوجا دواتر داواکاری و نیگەرانییەکانی کوردان (لە سوید بێت یا لە دەرەوەی سوید) بخرانایەتە روو. خاڵی لێوەدەرچوونیش ئەوەیە کە هەر وڵاتێک بەرژەوەندی نیشتمانی و ئەولەویاتی خۆی دەرهەق بە ئاسایشی نیشتمانی خۆی هەیە وە بە پێی بەرژەوەندی و ئەولەویاتە نیشتمانییەکانی بڕیار دەدات. کورد هەڵە دەکات کاتێک کە روو لە سویدییەکان (رەسمی و نارەسمی) بە شێوازێک گوزارەش لە نیگەرانییەکانی خۆی بکات وەک ئەوەی نیگەرانییە کوردی و کوردستانییەکان ئەولەویەتی ژمارە یەک بن، بەڵام ترس و نیگەرانی و بەرژەوەندییەکانی سوید ئەولەویەتی ژمارە دوو بن. کارێکی ئەوها دەکرێ تەنانەت دۆستە سویدییەکانی کوردیش بێزار و نارەحەت بکات. گرنگیشە ئەوە بزانرێ کە هەر سازشێکی سوید

---

خواستی پوتین بۆ ئەوەی پێگەیەکی شایستە بە روسیا لە سیستمی نوێی جیهانیدا بەدەست بهێنێ و ناهاوسەنگی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا مسۆگەر بکات، لە دوو ماوەی جیاوازدا کورتدەکرێتەوە: یەکەمیان بەر لەوەی لە ١٩٩٩ ببێتە سەرۆکی روسی وە ماوەی دوەم دوای ئەو مێژووە. بەڵام لەگەڵ جەنگی ئۆکراینا ئەم خواستەی پوتین چڕتر و ئاشکراتر بووە. بۆ ئەم بابەتە دەکرێ، بە تایبەتی، ئەم سەرچاوەیە بە سوود بێت:
J. L. Black, *Vladimir Putin and the New World Order: Looking East, Looking West?* (Rowman & Littlefield Publishers, 2003).

بۆ تورکیا لە مەسەلەی بە ئەندامبوونی ئەو وڵاتە لە ناتۆ، پێش کورد زۆرێک لە سویدییەکانیشی بێزار کردووە. کەواتە بە هەردوو دیویدا لە قازانجی کوردە ئەگەر کورد مەسەلەکە تەنها لە گۆشەنیگایەکی سنووورداری کوردستانیی و بە شێوەیەکی خودخوازیی رەها نەبینێ.

مرۆڤ تێدەگات کە پەکەکە نیگەرانە کاتێک ئەم حزبە "هاوکات" سێ دانە پێشوەچوون لە پەرەسەندنێکی گەورەی گشتگیردا دەبینێ: ١) گەڕانەوەی جۆرێک لە سیستمی جیهانی دوو-جەمسەری کە دەکرێ، لە ئاستی جیهانی و ئیقلیمیدا، راستەوخۆ کاریگەری بخاتە سەر "رێسای" یارییە جیۆسیاسی و ستراتیژییەکان ؛ ٢) فراوانبوون و چالاککردنی ناتۆ دەرفەتێکی نوێ دەداتە تورکیا، بە تایبەتی لە نوێبوونەوەی پێگەی گرنگی ئەم وڵاتە، پێشوەچوونێکی ئەوهاش جۆرێکە لە پاشەکشە بۆ پەکەکە، لە گۆشەبینینی هاوسەنگی هێزەوە؛ ٣) لە دوای شەڕی ئۆکراینا، جارێکی دیکە گرنگی و بەهای ستراتیژی تورکیا لە مەنزومەی ئاسایشی ئەورووپای رۆژئاوا و ناتۆدا دەچێتە سەرەوە، واتە گرنگیی زیاتر پەیدا دەکات. ئەم سێ پەرەسەندنەش هەر یەکەیان بە جیا و هەر سێکیان بە یەکەوە، خزمەتی پێگەی تورکیا دەکەن. . . هەڵبەتە شتێک کە دەتوانێ کاریگەریی راستەوخۆ لەسەر دەرفەتەکانی تورکیا دابنێ بڕاردە ستراتیژییەکانی ئەو وڵاتەیە؛ لەم رووەشەوە پرسیار ئەوەیە ئایا تورکیا هەموو قورسایی خۆی دەخاتە سەر تای تەرازووی جیهانی رۆژئاوا لە هاوسەنگیی هێزدا لە ئاستی جیهانی یا هەڵەیەکی کوشندە دەکات لە شکانەوە بە لای روسیا و "هاوپەیمانانی".

جا لێرەدا پرسیاری هەرە گرنگ و گەوهەری ئەوەیە ئایا بۆ پەکەکە، کە قورسایی زیاتری لەسەر خەباتی چەکدارییە، ئەوە بەسە کە بە هەندێ ئامرازی ناکاریگەر (وەک نووسین، خۆپیشاندان، هاندان و. . . هتد)، هەر وەک لە مەسەلەی ئەندامبوونی سوید و فینلاند لە ناتۆدا روویدا، رێگا لەو دەرفەتانەی تورکیا بگرێ، یا وا باشترە سەرلەنوێ پێداچوونەوەیەک بکات بە پرسی ئایا وا باشترە ئەم حزبە یا جوڵانەوەیە لەسەر مێتودی خەباتی چەکداری بەردەوام بێت، یا پێچەوانەکەی بڕیارێکی بوێرانەی وازهێنان لەم جۆرە خەباتە بدات؟

بە بۆچوونی خۆم ئەوەی کە روودەدات، هەروەک پێشتر گوترا، زۆر **گەورەتر و فراوانتر و ریشەییترە** لە مەسەلەی رادەستکردنی چەند کوردێک یان نا، یا پرسی ئەوەی سوید و فینلاند چ سازشێک بۆ تورکیا دەکەن یان نا، وە لەو سازشە کورد چەند وە چۆن زیانی بەردەکەوێت. هەر لەبەر ئەوەشە لە کۆی شەڕی ئۆکرایناو، فراوانبوونی ناتۆ و زیدەبوونی گرنگیی ستراتیژی تورکیا پێویستی بە بڕیاری گەورە و ریشەیی هەیە لە لایەن پەکەکەوە، بڕیارێک کە دەکرێ هی دەستهەڵگرتنی تەواوەتی بێت لە خەباتی چەکداری. بڕیارێکی ئەوها دەکرێ، وەک بڕیارە مێژوویی و بوێرەکەی بزاڤی ئازادیخوازی فەلەستینی (plo) بێت، کاتێک لە پایزی ١٩٨٨ لەسەر زاری یاسر عەرەفات کۆتاییهێنانی یەکجارەکی و بێ گەڕانەوەی ئەم بزاڤەی بە خەباتی چەکداری راگەیاندرا، وە لە بری ئەو شێوازە لە خەبات بڕیاری ئەوە درا کە لەمەودوا ئەو بزاڤە تەنها بە ئامرازی سیاسی و دیپلۆماسی خەبات بکات. ئەم بڕیارە ژمارەیەکی زۆری لە لێکەوتەی ئەرێنی (پۆزەتیڤ) هەبوو بۆ فەلەستینییەکان، بەڵام لێرەدا تەنها ئاماژە بە سێ دانەیان دەکەم: ١- بەم بڕیارە بۆ یەکەم جار بوو ئیسرائیلی بەم رادە و شێوەیە ئیحراج کرد، کە ئیتر دوا جار کاریگەری ئەم

www.burhanyassin.com

بڕیارەی فەلەستینییەکان ئەوەندە کاریگەر بوو کە ئیتر بە گۆڕانکارییەکی گەورە لە سیاسەتی ئیسرائیلدا کۆتاییهات: أ- ئەم هەنگاوە جیهانی بە رووی فەلەستینییەکان، بە تایبەتی plo، کردەوە بە تایبەتی هەڵوێستی ئەمریکا لەم هەنگاوەی فەلەستینییەکان زۆر ئەرێنی بوو، وە بووە هۆی گۆڕانکارییەکی ئەرێنی گەورە لە سیاسەتی ئەو وڵاتە بەرامبەر بە plo؛ ب- **بەهانەی** سیاسەتی دوژمنکارانە و کاولکاری بەرامبەر ناوچە فەلەستینییەکان لەدەست ئیسرائیل دەرهێنا؛ ج- زۆری پێ نەچوو ئەم هەنگاوەی فەلەستینییەکان ئیسرائیلی "ناچار" بە گفتوگی ڕاستەوخۆ لەگەڵ plo کرد. ئەگەر چی ئەم دەوڵەتە زۆر هەوڵیدا بۆ ئەوەی ئەم هەنگاوەی فەلەستینییەکان وەک تەکتیک، بەلارێدابردنی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و فێڵی سیاسی بناسێنێ، وە تا بکرێ هەوڵ بدات بۆ پاشگەزکردنەوەی فەلەستینییەکان لەم هەنگاوە، بەڵام دواجار ئیسرائیل سەرکەوتوو نەبوو لەم جۆری وێناکردن و هەوڵی ۆەشیمانکردنەوەیە. ئیحراجیی ئیسرائیل بە ڕادەی یەکەم لەبەر ئەوە بوو، ئیتر زوو یا درەنگ مۆری "تیرۆریزم" لەسەر بزاڤی ڕزگاری خوازیی فەلەستینی هەڵدەستێ؛ تەنانەت هەنگاوی دواتر ئەوە دەبێ ئیتر فەلەستینییەکان لە بری **"تیرۆریست" وەک قوربانی وێنابکرێن** و تەنانەت وەک "کۆتری ئاشتی" دەرکەون. بەمەش سۆزی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە بەرژەوەندی فەلەستینییەکان بشکێتەوە و لەبەرامبەریشدا ئیسرائیلیش وەک دەوڵەتێکی دژە-ئاشتی و شەڕانگیز دەرکەوێ؛

**٢- ئەم هەنگاوەی فەلەستینییەکان باشترین شێوازی بێکاریگەرییکردنی ماکینەی جەنگیی ئیسرائیلییەکان بوو؛**

٣- ئەم هەنگاوەی فەلەستینییەکان بوو بە ڕێگا خۆشکەرێک بۆ کۆنفرانسی ئاشتی مەدرید لە پایزی ١٩٩١[30]، کۆنفرانسێک کە، کەم یا زۆر، هەموو جیهان تیایدا بەشدار بوو، تەنانەت وڵاتێکی وەک سوریا بەشدار بوو. جێگای گرنگپێدانە کە شاندێکی فەلەستینییەکانیش (لە چوارچێوەی شاندی ئوردنیدا) بەشداری لە کۆنفرانسەکە کرد. هەروەها دوو ساڵ دواتریش (١٩٩٣) پەیمانی ئۆسلۆ لە نێوان ئیسرائیل و plo راگەیاندرا.

جێگای ئاماژەو گرنگپێدانە کە لە باکوری کوردستان و تورکیا، باوەڕ بە چەکدانانی پەکەکە، وەک هەنگاوێکی سەرەتایی بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا، تا ڕادەیەکی زۆر بۆچوونێکی

[30] لە ڕاستیدا زۆر فاکتەری دیکە هەبوون کە ڕێگایان خۆشکرد بۆ کۆنفرانسی نێودەوڵەتی مەدرید دەربارەی ملاملانێی عەرەب و ئیسرائیل لە پایزی ١٩٩١، وەک: ١) لاوازبوونی بەرەی "رەفز"ی عەرەبی (جبهة الرفض العربیه) کە پێشتر لە لیبیا، جەزائیر، میسر، عێراق، سوریا و یەمەنی خوارو پێکدەهات. هەر زوو میسر لە ١٩٧٩ ئەو بەرەیەی جێهێشت؛ جەزائیر هەرەسی بەتەواوەتی هێنا لە ١٩٨٩دا بەمەش کەوتە دەرەوەی ئەو بەرەیە؛ لیبیا گورزی کوشندەی بەرکەوت لە بۆمبابارنکردنەکەی ١٩٨٦؛ عێراق لە شەڕی هەشت ساڵەیدا لەگەڵ ئێران تواناکانی سنووردار ببوون و ئێستاش کەوتبووە ژێر گەمارۆ؛ یەمەنی خوارو لە پڕۆسەی یەکگرتنەوەدا بوو لەگەڵ یەمەنی سەرو، بەمەش کەوتە دەرەوەی ئەم بەرەیە. واتە دەرەنجام، سوریا بە تەنیا مایەوە وەک دەوڵەتی رەفز وە ئێران جێگای دەوڵەتە عەرەبییەکانی رەفزی گرتەوە؛ ٢) کۆتایی جەنگی سارد و دۆخێکی نوێ؛ ٣) پڕۆسەی هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و هاوپەیمانی وارشۆ، کە بەردەوام پشتگیری بەرەی "رەفزی" عەرەبی و فەلەستینییەکان بوون؛ ٤) شکستی خەباتی چەکداری فەلەستینییەکان، وە ئەم شکستە بە لوتکە گەیشت لە ١٩٨٢ لە ئاکامی داگیرکردنی بەیروت لە لایەن ئیسرائیلەوە؛ ٥) کەمبوونەوە و تەنانەت نەمانی پشتگیرییەکەی دەوڵەتانی کەنداو بۆ فەلەستینییەکان (بە تایبەتی بۆ plo) بە هۆی گەیرانی دارایی ئەو وڵاتە لە ١٩٨٠کاندا وە بە هۆی هەڵوێستی plo ، کە هەرنەبێ لەسەرەتادا پشتگیریکردن بوو لە سەدام حوسەین، لە داگیرکردنی کویەتدا.

بەربڵاوە. بۆ نموونە ماوەیەکی کەم بەر لە ئێستا لەمیانی دوو چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانیدا هاوسەرۆکی پێشووی پارتی دیمۆکراتی گەلان (هەدەپە) سەلاحەدین دەمیرتاش، کە لە ٢٠١٦وە لەزیندانی تورکیادایە، باس لە رێگا دروستەکەی چارەسەری پرسی کورد لەو وڵاتە دەکات و پێی وایە کە گفتوگۆ و چارەسەری ئاشتییانە پێویستی بە دانانی چەکە لە لایەن پەکەکەوە. ئەم داواکارییەش لە لایەن زیاتر لە ٢٠٠ رەوشەنبیر و هونەرمەند و نووسەر لە باکوری کوردستان و تورکیا پاڵپشتی لێ کراوە[31].

باوەڕی من وایە چەکدانانی پەکەکە دەتوانێ، هەر نەبێ لە قۆناغی یەکەمدا، بەشێکی زۆر لەو ئامانجانە بپێکێ کە لە حاڵەتی فەلەستینییەکاندا، وە لە ئاکامی چەکدانانی plo، هاتنەدی[32].

روو لە سوید و وڵاتانی ئەورووپای رۆژئاوا، بۆ پەکەکە و کوردیش بە گشتی باشترە کە پەکەکە بەخۆداچوونەوەیەکی ریشەیی و فراوان بکات، بە تایبەتیش لەم بەخۆداچوونەوەیە پرسیاری ئەوە لە خۆی بکات ئایا ئەو مێتود و ئامرازانەی خەباتی ئەو حزبە لە ئەورووپای رۆژئاوا، زۆر بە تایبەتی لە ١٩٨٠کاندا، چی بوون کە وایانکرد وڵاتێکی وەک سوید، وەک یەکەم وڵات لە جیهانی رۆژئاوا، "دوور لە فشاری ئەورووپا و تورکیا" (هەر زوو لە ساڵی ١٩٨٤) مۆری "تیرۆریستبوون" لە پەکەکە بدات! واتە ئەوەی پێویستە بەخۆداچوونەوەی پەکەکەیە بە رابردووی خۆیدا، لە بری ئەوەی خۆی وەک قوربانی و ئامانجی "پیلانگێری" نێودەوڵەتی پیشان بدات. رزگاربوون لەو کەلتورە سیاسییەی کە تیوری پیلانگێری دەکات بە شارێگای جیهانبینی و ئاگایی لە بابەتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، یارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆ پەکەکە بۆ ئەوەی رووداوەکان وەک خۆیان و لە چوارچێوەی یاسا و رێساکانی سیاسەت و یاسای نێودەوڵەتی ببینێ، نەک بە **تیوری پیلانگێری**!

---

[31] "داواکارییەکی دەمیرتاش لە پەکەکە کاردانەوەی لێدەکەوێتەوە" لە پێگەی *شارپرێس*، ٢٠٢٢/٧/٢٩، https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=207170 دەستگەیشتن ٢٩-٧-٢٠٢٢

[32] لە داهاتوویەکی نزیکدا، لە باسێکی فراوانتردا، هەوڵدەدەم لەژێر ناونیشانی "**بە لوبنانیکردنی هەرێمی کوردستان**" بە بەراوردکارییەکی وردتر بەسەرهاتی فەلەستینییەکان لە لوبنان و خەباتی چەکداریی بزاڤی ئازادیخوازی فەلەستینییەکان لە لوبنانەوە وەک پێگە دژ بە ئیسرائیل لە لایەک وە بوونی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان و بەکاربردنی ئەو بەشەی کوردستان وەک پێگەی خەباتی چەکداری دژ بە تورکیا لە لایەکی ترەوە.